# وەزارەتی مەسئول !!

**ئاسۆعەبدوللەتیف**

سەرچاوەی قەرەباڵغی و ترافیکی جادەکان هەر بەرپرسەکانن، ئیتر تۆبڵێی دروستکردنی پردێك یا تونێلێك چارەی بکات؟ بروام نییە، ئاخر هەیانە بەلای کەم دەسەیارەی هەیەو هەر دەکەشیان ڕۆژانە لە جوڵەی شاردان، یەکەمیان بۆ گۆشت و دەیەمیش بۆ گەشت، ئینجا بۆ میوەومەسبەح ومارکێت ومیوانی و میهرەجان و پارك وئارایشتگاودەورەی کۆمپیوتەرو ئینگلیزییش هەر بەسەیارەکانی خۆیانەوئەمە جگە لەوەی بەنزینەکانیشیان بەلاشە،هەربۆیە ئاگایان نە لە گرانی تەکسیەکان و نە لە ئەزمەی بەنزینخانەو لە نەفەری پاص نییە،

سەرچاوەی نەبوونی کارەباو ئاویش دڵنیام هەر بەرپرسەکانن، ئاخر چۆن ئەوان نین؟ ماڵە کاشییەکانیان بەلای کەمەوە 100 نوقتەی کارەبای تێدایەو هەموویان ئیش ئەکەن، دایکیان بمرێ هەندێکیان بۆ مناڵەکانیان گلۆپ و برۆجکتەریشیان بۆ خستونەتە ناو مەلەوانگەداخراوەکەی ماڵەوەشیان بۆ ئەوەی نەترسن، بۆچاوەزاریش سولفەی عەقاریش وەر ئەگرن.

مامۆستا جەعفەر لە کوردستانی نوێ ژ. 3768 ئەڵێت ماڵێکی ناسیاومان هەیە 25 سپلیتیان هەیەو بەردەوام رەخنەش لە حکومەت ئەگرن !! ئێ قەیچێکا توخوا مامۆستا وازی لێ بهێنە با رەخنە بگرێت هەر خۆی ئەگرێتەوەو حکومەت خۆیەتی ئەگەر حکومەت حکومەت بێت و چاودێری هەبێت ئەهێڵێ ئەو 25 سپلیتی هەبێ و نەخۆشی خەسەخانەکانیش باوەشێن! باشە کەسێك لەم وولاتا بەچی 25 سپلیت ئەکرێت وزاتی ئەوەش ئەکات کە گلەیی لە حکومەت بکات ئەگەر مەسئولشا لەسەر وەزنی مەلەکشا نەبێ؟ کێ بەرپرسیاری سەرەکی ئەو دۆخەیە جگە لە مەسئولین، بە بروای من (فاقد الشیء لایعطي) ئەوان خەریکی ژیانی خۆیانن نازانم زوومی ئەم قەڵەمەی من بۆ ئەمجارەش ئەوانی زوومکرد، رەنگە ئەوان نەتوانن ئیتر هیچ ببەخشن ئەوەی ئەیبەخشن تەنها غرورو یادەوەرییەکی کۆن، ئەبێت ئاراستەی داواکانمان بگۆرین لە بەرپرسێکی هیلاکی کەلەپورییەوە بۆ کەسێکی خوێنگەرم و تازە،ئەوانی پێشوو بەردەوام بەزەنگ کاریان کردوەو بەزەنگیش وەستاون،وەڵڵاهی تا ئێستا کورد دروشمێکی نەگۆری نییە،مەگەر چەندین ساڵە ناڵێین ماف چارەی خۆنوسین کەچی ئەو مافەی من عەرەب ئەینوسێ نەك خۆم ئەو عەرەبەش کە هەڵەبجەی کردە خەڵوزی رەش، ئێمە ئیتر ئەبێت داوا لە خۆمان بکەین و بەس، ئەوان هیچمان بۆناکەن چاومان دەر ئەهات، تەنانەت ئەگەر چاویشمان وەکو (هەژیر) ی جوانکیلەی منداڵ دووچاری (ورم سرطان منتشر) هات و دەریشمان هێنا بە نەشتەرگەری و ئاسەوارەکەی بڵاویش بوەوە بە دەموچاوماندا و لە کرێچی و گەرمای هاوین و بێ کارەبایشدا ئەژیاین، ئەوە کاری حکومەت و وەزارەتی تەندروستی نییە، کەیفی خۆتە بۆ نەبویتە مەسئول!! ئەوە قەدەری مەرگ و ژیانی ئەم هەرێمەیە، ئەی توخوا ئەگەر مناڵە مەسئولێك نەك چاوێکی دەربهێنن و لە چاوەروانی حکومەتێکدا بێ هیوایانە وەستابێت، بەڵکو بۆ ژانە سەرێکیش ئەبێ چۆن بکەونە خۆیان و تەنانەت بە بودجەی وەزارەتیش بیگەیەننە دوورترین شاری ئەوروپی،خێرا کۆبونەوەیەکیشی لە سەر ئەکەن و شەو لە تیڤیەکانەوە پێمان ئەڵێن (باس لە بارودۆخی ئەمرۆی کوردستان کراو فلان و فیساریش ئامادەی کۆبونەوەکە بوون) بۆیە لەبەردەم ئەم دۆخە ناسازەدا هەر ئەبێت داوا لە خۆمان بکەین و بەس، ئەوان تازە هیچمان بۆ ناکەن و دەبێت نەکەوینەوە داوی دەنگدان پێیان و نەبینە گلادیاتۆری ئەوان و بەراست و چەپدا بمانگلمێنن و لەززەت لە شەروخوێن و بێ عەقلیەکانمان وەربگرن، پێشمەرگەیەك پێی ووتم من دووجار لە شەری کەپکی حەمەدئاغادا برینداربووم و پورزایەکیشم شەهید، کەچی لە پرسگەی وەزارەتی یەکێ لە مەسئولەکان، نەك مەسئولی وەزارەتێك گاڵتەیان بە شەرواڵە کوردیەکەم ئەکرد! چۆن گاڵتە ناکات ئەزیزم، ئەو جاران کە شەرواڵ ببورە ( دەمەڵقۆپان) لە پێ بوو نان و کەوەرو ئاو لە کەوشی ئەخوارد، ئێستا 25 قات و ریباتی هەیە و هەریەکەیان دەفتەردۆلاری خۆشی تێدایە بۆ رۆژی رەش ئیتر چۆن گاڵتەناکات، هم ....جا ئەوان ئێستا گاڵتە بەچی ناکەن تەنانەت بەگۆشەکەی منیش و بێنرخ و رسواشی ئەکەن.

* گۆشەیەکی تایبەتە لە رۆژنامەی بەدرخان تایمز بەناوی ( زووم) ژ. **19**